## گفتوگۆیەکی ناوازەی نێوان

# ئالان بۆسیکە
# و
# یەشار کەمال


وەرگێڕانی بۆ عەرەبی خالد نەجاڕ
لەعەرەبییەوە: باران

***چۆن خۆت دەناسێنی؟**

- من وەك ورچێك وام لە میراتیی گەلی تورکیادا، ئەو ورچە چل جۆر گۆرانی دەزانی، و هەر گۆرانیەکیش پەیوەستە بە سێویەکەوە، من تەنها یەك گۆرانی دەزانم، ئەویش پەیوەستە بە سروشتەوە، یان با بڵێین کوشتنی سروشت: ئەویش بریتیغە لە گۆرانی مرۆڤ و چوارچێوە درامیەکەی.

***لە کوێوە هاتووە؟**

-لە تشوکور ئوفاوە لە ناوچەی میلیسای کۆن لە سەر لێژایەکانی تۆرۆس، دایك و باوکم بە کوردی قسەیاندەکرد، بەڵام من تەنها فێری تورکی بووم، و گوندەکەم ناودەبرێت بە جوکسەلی، و بە زمانی تورکمانی قسەدەکەن.

باوکم جوتیار بووە، هێشتا تەمەنم چوار ساڵ بوو لە پێشچاومدا و لە یەکێك لە مزگەوتەکاندا کوژرا، ئەو رووداوەش وایلێکردم بۆ ماوەیەك نەتوانم قسەبکەم.

*** سروشت؟**

-لە گوندەکەمدا بەردی گەورە گەورە هەبوو و دەرەوەی گوندەکەش دەشتی فراوان و کۆتا نەهاتوو هەبوو، گوندەکەمان نزیك بوو لە شوێنی لە دایکبوونی دیسگۆربۆن، کە یەکێك بووە لەزاناکانی زانستی رووەکزانی لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا، ئەم گوندە هێشتا یادی لە دایکبوونی زانای گەورە لوقمانی حەکیم دەکەنەوە، کە یەکێك بووە لە پزیشکەکانی سەردەمی ناوەند، لەگەڵ رووەك و درەختەکاندا قسەیکردووە و پێیوتوون چارەسەری ئەم نەخۆشیە، یان ئەو نەخۆشیە دەکەم، بەمجۆرە لوقمان پرسیاری لە هەموو رووەکاکە کردووە، کە یارمەتیانداوە لە چارەسەرکردنی نەخۆشیغەکان.

دەیویست لەوە زیاتریش بڕوات و بۆنێك بدۆزێتەوە بۆ چارەسەری مردن، بەردەوام یەك بە دوای یەکدا پرسیاری لە گوڵەکان و رووەکان دەکرد. جارێکیان لوقمان کە لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا بوو، لەژێر درەختێکدا نووستبوو، کاتێك خەبەری بووەوە، لەسەر رووکێك بوو بە لوقمانی وت من چارەسەری مردنم، لوقمانی حەکیم رووەکەکەی قرتاند و بە خێرایی بەرەو گوندەکەی گەڕایەوە، بۆئەوەی ئەو هەواڵە سەرسامکەرە بڵاوبکاتەوە. کاتێك لەسەر یەکێك لە پردەکان دەپەڕیوە باڵندەیەك بەلایدا تێپەڕی و گیاکەی بە دەنوکی لێسەند و بردی.

چیرۆکی لەمجۆرانەم بۆ خوێندراوەتەوە، و لە نێوان ساڵەکانی 1928 – 1930 شاعیرە شەعبیە تورکمانەکان، دەهاتنە ناو گوندەکە و سێ شەو و رۆژ تیایدا دەمانەوە، داستانەکانیان دەگێڕایەوە، کە لەهەمان ئەو چیرۆکە دەچوو باسمکرد، بە پەیوەندیکردنم بەو شاعیرە شەعبیانەوە، فێری نووسینەوەی هەست و سۆزەکانم و دەربڕینیشیان نەبووم.

***شارستانیەتی سەردەمی ئەو گوندە چییە؟**

-لە گوندەکەدا شەست خانوو و کۆگایەکی کبریت هەیە، بەڵام ئەم گەلە ماوەیەکی کەمە تراکتۆر بەکاردەهێنێت، ماوەیەك سەرقاڵی لێخۆڕینی بووم، ئەوەش یەکەم کارێکە کە دەستمپێکردووە.. لەگوندەکەمدا ژیانێکی پاك هەبوو، ژیانێکی نمونەیی کە هیواخوازم لەمرۆدا تیایدا بژیم.

***لایەنی داهێنان و خەیاڵکردن لە کارەکانتدا چییە ؟**

- هەموو بوونم پێکهاتووە لە خەیاڵ و راستیەکانم، منیش هەوڵدەدەم ببمە پوختەی هەردووکیان.

***ئایا جوتیارەکانی گوندەکەت بوونیان لە کارەکانتدا هەیە ؟**

-بەڵێ بەڵام لە فۆرمێکی دیکەدا، رۆمانی «محمدی رێکئەندام» لەلایەن 450 هەزار کەسەوە خوێندراوەتەوە، ئەوەش مانای هاوسۆزیە لەگەڵ رۆمانەکە.

لە پاش دەرچوونی سێ خشتەکیەکەم: ستون و زەوی ئاسن، و

ئاسمانی مس، ئەو گیایەی کە نامرێت گەڕامەوە بۆ گوندەکەم و چاوم کەوت بە پزیشکێکی بەیتەری، کە تەمەنی دەگەیشتە نەوەد ساڵ، من ئەو دکتۆرەم هەر لە گەنجیەوە دەناسی و لەو چاوپێکەوتنەدا پێیوتم: من ئێستە لە نێو شاخێکدا دەژیم، ئەم جوتیارانە حەوت جار کردومیانەتە پەیامبەر و حەوت جاریش سیفەتی پەیامبەریان لێکردومەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لوتکەی رەشنبینی، هەر ئەوەش یەکێکە لە کاراکتەرە چیرۆکیەکان، کە زۆر لە کتێبەکانمدا دووبارە دەبێتەوە، لە راستیدا پاڵەوانەکەم لەرووداوێکی ئاساییەوە لە دایکدەبێت، کە پیایدا تێپەڕیوم، بەڵام بە شێوازێك کە واقعی ژیانی خۆم کاریگەری دەکاتە سەر خەیاڵم و خەیاڵیشم کاریگەری دەکاتە سەر واقعی ژیانم.

***ئایا هەندێك رووداوت وەبیردێتەوە؟**

-رووداوە کۆنەکان ئەمانەن: لە نێوان ساڵەکانی 1930 و 1933 دا توشی وشکە ساڵیەك بووین، کە پێشتر شتی وامان نەدیبوو، دەبوو ئێمەش بە گەڵای دار رازیبین وەك خواردن، لە گوندەکەماندا بەخێوکەرێك هەبوو، جۆرێك لە گێلێتی تێدا بوو، دەیانوت کاتێك کە لە ئێمە وندەبێت ،ئەوە دەڕوات بۆ مەکە و لە ئێوارەی هەمان رۆژدا دەگەڕێتەوە، بەمجۆرە خەڵکەکە باوەڕیان پێکردبوو، و دەستیان ماچ دەکرد و ئەم کەراماتەی ساڵ و نیوێك بەردەوام بوو، چەند دەروێشێکیش لە دووی دەرکەوتن، لە رۆژێك لە رۆژەکاندا بارانێکی زۆر باری و بە پیتی و بەرەکەت گەڕایەوە بۆ ناوچەکە و منداڵەکانیش دەستیان کرد بە گاڵتەپێکردنی و کاتێك ئەویش هەستیکرد خەڵکی لێی دووردەکەونەوە، خۆی فڕێدایە ناو رووبار و پاش چەند رۆژێك لاشەکەی دۆزرایەوە.

ماوەیەکی کەم پاش ئەم رووداوە گوندەکەم بەجێهێشت، و سێ خشتەکیەکەم لەم رووداوەوە لە دایکبوون، یان بە لایەنی کەمەوە

**من وەك ورچێك وام لە میراتیی گەلی تورکیادا، ئەو ورچە چل جۆر گۆرانی دەزانی، و هەر گۆرانیەکیش پەیوەستە بە سێوێکەوە، من تەنها یەك گۆرانی دەزانم، ئەویش پەیوەستە بە سروشتەوە، یان با بڵێین کوشتنی سروشت: ئەویش بریتیغە لە گۆرانی مرۆڤ و چوارچێوە درامیەکەی.**



دەتوانین بڵێین ئەم رووداوە سەرچاوە و کلیلی ئەو بەرهەمەم بووە.

*ئایا زمانی نووسینت تەقلیدیە؟

-زمانی شەعبیم دەوڵەمەند کردووە بە زمانی نوێ، نوێگەریەکەشم زیاتر لەسەر هەردوو ئاستی بونیاد و پێکهاتەیە، نەك لەسەر ئاستی ووشە و دەستەواژە بێت.

*لەگەڵ کام نوسەردا هەست بە نزیکی دەکەیت؟

-ئەگەر هۆمیرۆس زیندوو بوایە وەك ولیەم ڤۆلکنر دەینووسی، بە بەردەوامی دەگەڕێمەوە بۆ نازم حیکمەت، و بەردەوام و پێش دەستکردن بە نوسینی هەر کتێبێکی نوێ، ئستندال دەخوێنمەوە، جارێکیان چاومکەوت بە پیاوێکی پڕ لە زانیاری و جانتایەکی پڕ لە کتێبی پێدام، کە چەند نوسخەیەك لە کتێبەکانی دون کیخۆتی تێدابوو.

*سەبارەت بە ئازادی نوسەر چی دەڵێن؟

ئەم ئازادیە بە چەند حاڵەتێکی فشارخستنەسەر و کرانەوەدا تێپەڕدەبێت: لە ساڵی 1955 دا هەندێك لە ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە دەستیبەسەردا گیرابوو، کە زنجیرە رۆمانی «محمدی رێکتەندام» یان بڵاوکردبووەوە، بە بیانوی چەپیوونەوە، لە ساڵی 1961 دا ئازادی تەواومان بینی، لە نێوان ساڵەکانی 1971 و 1973 چاودێریکردن جارێکی دیکە چالاك بووەوە، لەمرۆشدا جارێکی دیکە گەڕاوینەتەوە بۆ مومارەسەکردنی ئازادی..

*چ کتێبێکی تورکەکان شایستەی وەرگێڕانە بۆ فەرەنسی؟

-دوو نمونە هەیە، ژمارەیەکی زۆر نووسەر هەیە، کە لە نێویاندا ناوی ئۆرهان کەماڵ دەهێنم، کە لەسەر کۆچکردن و شێوازەکانی رزگاربوون لێی دەنوسێت، هەروەها بایکوتیش هەیە، کە رۆمانێکی بەناوبانگی سەبارەت بە لادەرەکان نووسیوە، کە باس لە تێکۆشانی جوتیارەکان دەکات لە دژی بیرۆکراتیەت.

*با هەوڵبدەین تێڕوانینەکان سەبارەت بە سروشت دەستنیشانبکەین، کە وەك نوێگەریەك دەردەکەوێت، ئایا ئێوە وایدەبینن کە لە ناوبردنی دارستانێك، لەپێناو دروستکردنی بەنداوێکدا کارێکی تاوانکاریە؟

-لە رۆژگاری منداڵی منداو لە ناوچەکەماندا شانزە بۆ حەڤدە جۆگەلە ئاو هەبوون، باڵندەکان و حەشەراتی لێبوو، زەڕافە و ئاسکی لێبوو، هەروەها چەندین دارستانی کۆن و چڕ و پڕی لێبوو. دەوروبەری ساڵی 1951 هەموو شتێك گۆڕا، من لەوانە نیم کەدژی گۆڕانکارین، بەڵام لە دژی وێرانکاری تێدەکۆشم، جەنگەڵەکان دیارنەمان و کارگە بێسودەکان جێگەیان گرتنەوە. سروشت بەشێکە لە خوێنی مرۆڤ، مرۆڤ بوونەوەرێکی داماڵراو نییە لە هەموو شتەکان، هەمیشە لە سروشتدا ژیاوە، ئەوەش لە پێش دەرکەوتنی ئەوانەی ژینگە پارێزن و زانستی ژینگەدا هەبووە. لە ساڵی 1953 دا زنجیرەیەك توێژینەوەم سەبارەت بە لە ناوچوونی دارستانەکان لە ئاسیای بچوکدا بڵاوکردەوە، لەهەمان ماوەدا زنجیرەیەکم لەسەر لە ناوچوونی دۆلفینەکان بڵاوکردەوە بە ناونیشانی دەریا کاتێك تورە دەبێت.

تەکنۆلۆژیا بۆ خۆی تاوانی گەورە نییە، بەڵکو تەکنۆلۆژیای ترسناك، کە بووەتە زیندانی دەستکەوتی مادی و رێکخستنی هەڵە، ئێمە تەکنۆلۆژیایەکمان دەوێت خزمەتی مرۆڤ بکات و سود لە سروشتەوە وەرگرێت و دروستکەر بێت و لە ئاستێکی باڵاشدا پێکەوە گونجان دروستبکات، تەواوکەری نێوان مرۆڤ و سروشت بێت، ئەوەش هەڵبژاردنە، لەسەر سیاسیەکان پێویستە هەستن بە ئەنجامدانی و لەهەمانکاتیشدا پێویستی بە تێکۆشانی رۆژانەی گەورە و بەردەوامە.

**سەرچاوە:** -رۆژنامەی منارات، ژمارە(2381)، 2012/2/1